# چۆن ئاسوودە بم لە کاتێکدا خاوەن کەڕەناکە؛ کەڕەناکەی گرتووە وسەری داگرتووە وبە وریایی دەبیستێت وچاوەڕێ دەکات فەرمانی پێبکرێت کە فوو بکات؛ ئەویش فوو دەکات (بە کەڕەنادا)

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «چۆن ئاسوودە بم لە کاتێکدا خاوەن کەڕەناکە؛ کەڕەناکەی گرتووە وسەری داگرتووە وبە وریایی دەبیستێت وچاوەڕێ دەکات فەرمانی پێبکرێت کە فوو بکات؛ ئەویش فوو دەکات (بە کەڕەنادا)»، مسوڵمانان ووتیان: چی بڵێین ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «بڵێن: (حسبُنا اللهُ ونِعْمَ الوَكيلُ توكَّلنا على اللهِ ربِّنا)*»، ولەوەیە سوفیان ئەمەی وتبێت: (توكَّلنا على اللهِ ربِّنا). *(واتە: تەنها خودا بەسە بۆ ئێمە، وهەر ئەو زاتە باشترینە کە (هەموو کاروبارەکانمانی پێ دەسپێرین، تەوەکول وپشت بەستنمان بە الله یە پەروەردگارمان

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: چۆن ئاسوودە دڵخۆش بم بە دونیایە وچێژی لێوەربگرم، لە کاتێکدا قیامەت نزیک بووەتەوە، وئەو فریشتەی سپێردراوە بە فووکردن بە کەڕەناکەدا -کە ئیسرافیلە علیه السلام-؛ کەڕەناکەی گرتووە وسەری داگرتووە وبە وریایی دەبیستێت وچاوەڕێ دەکات وئامادەیە بۆئەوەی فەرمانی پێبکرێت کە فوو بکات؛ ئەویش فوو دەکات بە کەڕەنادا، هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدا لەناودەچن -جگە لەوانەی خوای گەورە بیەوێت نەمرن- پاشان قیامەت هەڵدەستێت، بۆیە ئەم بابەتە زۆر مەزن وقورس بوو لە لای هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ووتیان: چی بڵێین ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بڵێن: (حسبُنا اللهُ ونِعْمَ الوَكيلُ توكَّلنا على اللهِ ربِّنا)*؛ واتە تەنها پشت بە خوای گەورە دەبەستین وتەوەکول بە ئەو دەکەین وتەنها پەنا بە ئەو دەگرین وتەنها داوای بە هانا هاتنمان لە ئەو دەکەین. *(واتە: تەنها خودا بەسە بۆ ئێمە، وهەر ئەو (زاتە باشترینە کە هەموو کاروبارەکانمانی پێ دەسپێرین، تەوەکول وپشت بەستنمان بە الله یە پەروەردگارمان

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10545

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee